Kurdistannet.org

بيست و سێيەمين ساڵيادي كۆچي دوايي بارزاني نەمر لە تاران

باوكي سۆما/تاران

رۆژي هەيني 2002/3/1 بە ئامادەبووني نوێنەري كۆماري ئيسلامي ئێران و حيزب و رێكخراوە سياسي و پيشەييە عيراقي و ئێرانيەكان و بەڕێز فازل ميراني ئەندامي مەكتەبي سياسي پارتي ديموكراتي كوردستان و فراكسيۆني كوردي ئەنجومەني شوراي ئيسلامي و نزيكەي هەزار كوردي دانيشتوي ئێران. لە هۆڵي نێودەولەتي رادیۆ و تەلەفزيۆني ئێران، مەراسيمي(بيست و سێيەمين ساڵيادي كۆچي دوايي كەڵە سەركردەي كورد بارزاني نەمر بەڕێوە چوو.

ئەم مەراسيمەدا بە خوێندنەوەي چەند ئايەتێك لە قورئاني پيرۆز و خوێندني سورەتي فاتيحە بۆ رۆحي بارزاني نەمر و دەقيقەيەك وەستان بۆ رێزلێنان لە گياني پاكي شەهيدان و لە سەروي هەموشيانەوە بارزاني نەمر و كاكە ئيدريسيس جوانەمەرگ دەستي پێكرد.

پاشان پەيامي سەرۆك مەسعود بارزاني لە لايەن بەڕێز دكتۆر پيرۆت بەرپرسي نوسينگەي پەيوەنديە گشتيەكاني پارتي لە ئێران پێشكەشي ئامادەبوان كرا.دواي ئەويش لە لايەن نوێنەري ئەنجومەني بالاي شۆڕشي ئيسلامي لە عێراق (مجلس الاعلي) ووتارێك خوێندرايەوە و تێيدا باس لە بليمەتي ئەو سەركردە مەزنە كرا. دواتر ووتارێك لە لايەن ئەندازيار (بەهائەددين ئەدەب) نوێنەري سنەو كاميارن لە ئەنجومەني ئيسلامي ئێران خوێندرايەوە.هەروەها ووتارێك لە لايەن بەڕێز دكتۆر(جەلال جەلالي زادە)ي نوێنەري سنە لە ئەنجومەني ئيسلامي ئێران خوێندرايەوە. دواي ئەوانيش ووتارێك لە لايەن ئەندازيار خاتوو(ئەعزەم ناسرپور)ي نوێنەري ئيسلام ئاباد لە ئەنجومەني ئيسلامي ئێران خوێندرايەوە و هەر لەبەردەم مايكرۆفۆنەكدا شيعرێكي فارسيان لە ستايش و يادي ئەو سەركردە مەزنەدا هۆنيەوە و هەر لەوێدا بۆ ئامادە بووانى خوێندەوە.

هەروەها سێ ووتاري بە پێز لە لايەن بەڕێز فازل ميراني ئەندامي مەكتەبي سياسي پارتي بە هەرسێ زمانەكاني فارسي و كوردي و عەرەبي خوێندرايەوە. ئەم ووتارانە زۆر سەرنجي ئامادەبووانى بۆ خۆي راكێشا و بە شێوەيەك كە ميوانە ناسراوەكان بەريز بۆ پيرۆزبايي لەم ووتارە دەچونە لاي كاك فازل.

دواتر ووتاري(ئەنستيتۆي فەرهەنگي كوردستان لە تاران) لە لايەن كاك بەهرام وەلەدبەگي خوێندرايەوە و پاشانيش ووتاري ئەنجومەني كوردەكاني دانيشتوي تاران لە لايەن بەڕێز محەممەد سالح ئيبراهيمي خوێندرايەوە. هەروەها ووتاري نوێنەري قوتابيە كوردەكاني زانكۆي تاران لە لايەن قوتابي ماجستێر(كاوە دەستورە) خوێندرايەوە.

Kurdistannet.org

جگه له ووتارەکان دوو بەرنامەي مۆسیقاییش پێشکەشي ئامادەبووان کرا که یەکەمیان لە لایەن گروپي چل دەف به سەرپەرشتي فەرشید غەریب نەژاد و دووەمیان به سەرپەرشتي کاك ئیبراهیم دەرویش عالي بوو.

شایاني باسه چەندین نوێنەري پێشتري ئەنجومەني ئیسلامي و چەندان زاناي ئایني و هونەرمەند و نوسەراني مەزني وەکو دکتۆر ئیبراهیم یونسي و دکتۆر سادقي و مەهدي ئومێد و دکتور محەممەد سالح ئیبراهیمي و مامۆستا محەممەد شاوەراني، ئامادەي ئەو مەراسیمه بوون.

دواي ئەو مەراسیمه له هۆڵي پێشوازیدا، به میوەو شیریني و شەربەت پێشوازەکي سادە لە میوانان و ئامادە بووان کرا.